کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 4-11-2007 2:50

**وەلأمێک بۆ ئەوانەی داوای بایکۆتی شمەکی تورکی دەکەن ... بەهێز حوسێن**

Bahez2006@hotmail. com

ئەوەتەی هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستان توونددبوونەتەوە چەندان رێکخراو و کەسایەتی و نووسەر داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەن کە بایکۆتی شمەکی تورکی بکەن و گوایە ئەمە کارتێکی فشار دەبێت بۆسەر دەوڵەتی تورکیا و جۆرێکی ترە لە بەرخودان بەرامبەر بە تورکیا!.



پێموایە ئەو بەرێزانەی ئەم داوایەیان پێشنیاز کردووە دڵسۆزی و خەمخۆریانە بۆ کوردستان و هەڵوێست وەرگرتنە بەرامبەر ئەو هەڕەشانەی لەسەر کورد هەن، بەڵام بەداخەوە هەموو ئەو بەرێزانە دوور لە واقیعی ئەمڕۆی ئابووری و بازرگانی هەرێم ئەم داوایەیان کردووە و بیریان چۆتەوە کە هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و ئابووری بەهێز و سنووورکراوە و ئاسایشی خۆراك و.. هتد خۆی نییە!

کوردستانێك کە وەك زەرنەقووتەی برسی لێهاتووە و ئەوەی رۆژانە لەودیو سنوورەکانەوە نەیەن کورد نییەتی بیخوات و بەکاری بەرێت، چۆن دەتوانێت بایکۆتی شمەکی دەوڵەتێك بکات کە رۆژانە دەیان هەزارتەن شمەکی جۆراوجۆری لێ دێتە نێوخۆی هەرێم!؟.

من چەندان ساڵە هاواری ئەوەمە کە دەبێت خەم لە رۆژێکی ئاوا بخۆین کە رەنگە لە لەحزەیەکدا سنوورەکانمان لێ دابخرێت و ئێمەش ئەوەندە یەدەکمان نەخستبێت کە لانی کەم نانی هەفتەیەکی خەڵکی خۆمان بدەین، ئێمە لە هەرێمدا کە ئارد و کارەبا و کەلوپەلی نیومال و کۆمپانیاکانی ئاوەدانکردنەوە و فرۆکەی گەشتیاری و ئاوی کانزایی و هێلکە و پەتاتە و... هتدیمان لە تورکیاوە بۆ دێت چۆن دەتوانین بایکۆتی ئەو شمەکانە بکەین!؟ کەواتە دەبی خەڵك دەمی خۆی دابدورێت و هاتوچۆ نەکات و پێداویستییە رۆژنەیەکانی بەکار نەبات، ئەمەش داوایەکی قورسە لە خەڵکێك کە دەیان ساڵە لە ژێر گەمارۆی ئابووری و گرانی و قاتوقڕیدا دەژی و چەند ساڵێکی کەمە دەرگای ئومێدی لەسەر کراوەتەوە و را دەگات پێداویستییە سەردەمییەکانی خۆی دابین بکات.

تورکیا خۆی بڕیداوە گەمارۆ بخاتە سەر هەرێم و ئەوکات پێویست بە بایکۆتکردن ناکات و ئۆتۆماتیکی شمەکی تورکی لە بازارەکانماندا نامێنن، ئەوکاتیش دەبینین کە چۆن گرانی دێتە ئاراوە و چۆن زیانێکی گەورە بە کوردستان دەگات!؟.

ئەو بەرێزانە کە داوای بایکۆتی شمەکی تورکیمان لێدەن بیریان لەو رێگایانەی تر کردۆتەوە کە شمەکی غەیرە تورکییان لێ بێنین و سەرچاوەیەکی تر لە بری تورکیا شك دەبەن پێداویستییە ژیارییەکانمانی لێوە دابین بکرێت؟ دڵنیام نەخێر، چونکە ئێمە قەدەرمان وایە کە هاوسنوورەکانمان لەو دەوڵەتانە بن کە چاویان بە خۆشگوزەرانی و جێگیربوونی باری ئابووری و سیاسی و ئاسایشی کوردستان هەڵنایەت.

دەمەوێت بە هەموو ئەو بەرێزانەش بڵێم کە ئەو سەردەمە بەسەرچوو خەڵکی خۆت فێری سك هەڵگوشین و بە رەزاڵەت ژیان بگوزەرێنن گوایە ئێمە شۆرش دەکەین، هەموو ئەم بۆچوونانە کۆن بوون و ئامانجیش ناپێکێت.

دەسەڵاتی مەرخۆمان کە هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی لەمەی ئەمرۆ بوون، نەیانکرد کار بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری بکەن و ئاسایشی خۆراك بەگرنگ وەربگرن و لانی کەم ئەوەندە سایلۆ دروست و دابین بکەن کە تەنها ئاردی هەفتەیەکی خەڵکی کوردستان لەهەر ئەگەرێکی داخستنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سنوورەکاندا دابین بکەن، ئیتر چۆن دەکرێت ئەم ئەرکە وەك ڕۆژانی ڕابردووە شۆڕش بخەینەوە سەر خەڵك و بڵێین ئەوە حکومەت ئەوەی نەکرد دەی فەرموون بکەونەوە تەپاڵە سووتان و داربڕین و تۆی گسك هاڕین و خواردنی نانی جۆ و.. هتد؟ بۆیە دەڵێم ئەو داوایەی بەڕێزتان زۆر ناواقیعییە و هاڕینەوەی خەڵکی کوردستانە، دەکرا پێشتر پێتان لەسەر ئەوە دابگرتایە کە کەرتی کشتوکاڵی خۆماڵی ببوژێنینەوە و سەرچاوەی تر و مسۆگەری پێداویستییەکانی خەڵکی خۆمان دابین بکەین، گەر پێشتان وایە تورکیا بەم هەنگاوە زیانی بەردەکەوێت ئەوا دیسان بەهەڵەدا چوون، چونکە تورکیا ئێستا بۆتە سەرچاوەیەکی بەرهەمی گەورەی کەرتی تایبەتی وا کە لە زیاتر لە 350 وڵاتی جیهاندا شمەکەکانی دەفرۆشێت و بەردەوام لەسەر کەرتی گەشتوگوزار و کۆمەکی ئەمریکا دەژی نەك تەنها سەرچاوەی داهاتییان ساغکردنەوەی شمەکەکان بێت لە هەرێمی کوردستان!؟ دەبێت هەوڵ بدەین و ئومێد بکەین کە گەمارکە نەسەپێترێت و کاریگەرییەکەی وەك چاوەڕوان دەکرێت گەورە و گران نەبێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.